

# فەلسەفەی سیاسی

**لە سۆئیدییەوە:حامید مائیلی**

فەلسەفەی سیاسی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەن کە لەمەڕ پرسگەلی بنەڕەتی وەک دەوڵەت ، پێکهاتە سیاسییەکانی بەڕیوەبەر ، ئازادی ، یەکسانی ، عەدالەت، ملک ودارایی ، مافگەل، هەر وەها یاساگەل و چونیەتی دابینکردنیان ، کە ئەوان چن و بۆچین و لە کوێ پێویستیمان پێیان دەبێ،دەدوێ .ئەوەی کە زۆرتر ڕۆژانە دەکار دەکرێن وەک"فەلسەفەی سیاسەت "لە مەڕ ڕوانگەی گشتی ، باوەڕێک یان هەڵوێستی سیاسی ،هیچ پێویستێکی بە پەیوەندی دیسیپلینە ئاکادێمییەکانەوە نییە . مژار بێ پسانەوە بەشێکی هەرە گرینگی فەلسەفە بووە . زۆر بابەت لە لایەن زۆر فەیلەسوفی نێو بەدەرەوە بە درێژایی مێژوو وەک ئیفلاتوون ،ئەرەستوو ،ماکیاوێلی ،ئیمانوئێل کانت، جان لاک ، تووماس هۆبێس ، هێگل وکارڵ مارکس هاتوونەتە گۆڕێ . دەتوانرێ بگووترێ کەدەستپێکی تەوەری "دەوڵەت"لە لایەن ئیفلاتوونەوە بووە، بەڵام ئەرەستوو هەووەڵین کەس بووە کەسنووری بۆ فەلسەفەی سیاسی وەک بابەتێکی تایبەتمەند بۆ لێکۆڵینەوە لە مەکتەبی خۆی " لیسە" دانابێ .تەوەرەکە دەوشێوە توێژینەوەی سەدەکانی 19دا گەشەی پێدرا ولە تەوەرێکی وەپشتگوێخراوی دووندی مەنتیقی ئەرێنیگرایی یەوە بووە بە بەشێکی هەرە گرینگی فەلسەفەی سیاسی .

فەلسەفەی سیاسی دەگەڵ هەموو ئەو شێوە ئاکادێمییانەی دیکە جێوازی هەیە بەر لە هەموویان پێواری شێوە ڕخنەی لێکۆڵەرەوانە . دە تەوەری زانستیانەی دەوڵەت دا، سیاسەت دە کردەوە بە شرۆڤەیەک یان بە پێوارێک هەڵدەسەنگێندرێ. دە پێواری تێئۆری زانستی دەوڵەتیدا بۆ وێنە " تێدا سکۆسپۆلس" یان "ڕۆبێرت پووتنامز" زۆر ڕاشکاوانەتر لەو فەلسەفە سیاسییانە کە خۆیان خەریکی ڕەخنەو پرسیاری نادیار وهەست پێنەکراون، پرسیارەکان دێننە گۆڕێ وشێلگیرانەش حەولی دینەوەی ولام بۆ پرسیارەکان دەدەن . ئەو فەلسەفە سیاسییە تەنانەت ئەوپرسیارانەش کە ڕووداوی چاخی مۆدێڕنیتەن وتەوەری ڕۆژ،وەک ڕەخنەی" گیورگوئاگامبێز"کە چلۆن چەمکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی پاراستنی هێوری وهێمنایەتی دە کۆمەڵگاد ا گۆڕاوە وبۆتە "حکومەت نیزامی " دەگرێتەخۆ . بە هێزترین تەوەری فەلسەفەی سیاسی سەردەمی کۆن چەمکی "دەوڵەت" ی ئیفلاتوون بوو. کە دەو دا باسی شێوەی ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا و هزر وخەیاڵاتی سێ چینی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی واتە ،شاگەلی فەلسەفە (ئەوانی بەڕێوەبەر )، کێشک چییەکان و کرێکاران دەکا. خەیاڵی دیکتاتۆرییانە بە پێی فەلسەفەی ئەو،لەسەر بنەمای سروشتی و بەڕێوەبەرایەتی دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ .ئەو دەڵێی: چونکوو مرۆڤی بە ئەخلاق یەکێکە کە کۆی زانیارییەکانی دەوپەڕی هارمونی و تەعادولدان ,دە ڕواڵەت و پێوارێکی گەورەتردا بوونی واقیعییەتێکە بە نێوی کۆمەلگا . دە نێوانیاندا لە بەرچاوترین بەرهەمێکی کە لە بواری فەلسەفەی سیاسی دە سەدەی ناوەڕاستدا دە دەستدابوون تێئۆری ئاگوستینوس لەمەڕ ئەو دەوڵەتانەیە جا چخراپ چ چاک، کە ئەو دە کتێبی "لەمەڕ دەوڵەتەباشەکان"و بۆچوونی تووماس ئاڤ ئاکوینووس لە سەرناساندنی سروشتی دەوڵەتن . سەردەمی ڕێنسانس هەر چەندیش ئەو فەلسەفە سیاسییە سێکولارە نوێیە بە دوای کاردانەوەی ئەو کۆمەڵگایەوە لە دایک ببوو، کە بە پێی بیر وباوەڕی مەزهەبی لەلایەن کلیساکانەوە دە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەڕێوە دەچوو.

سەردەمی ڕووناکبیری، فەیلەسوفەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە چلۆن تاک دە کۆمەلگایەکی عادڵانەدا دەبێ ئازاد وبە باشی بژی . بیرمەندانی وەک جان لاک ،تووماس هۆبێس و ڕوسێئوو لە سەر چۆنیەتی سروشت دەدوان و حەولیان دەدا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی عادڵ لە ڕێگای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە ،کە هەرخۆیان تێیدا لەدایک ببوون . ئێدمۆند بورک ، پاساوی بۆ هەڵە بوونی ئەوبۆچوونانەی کە شۆڕشی فەڕانسەیان بەو پەڕی خۆی گەیاندبوو ، دێنایەوە و پێداگری لە سەردرووستتر بوونی شۆڕشی ئەمریکا دەکرد، سەرەڕای دەستپێکێکی دواکەوتووانەشی.
دە سەدەکانی 18دا سوسیالیزم گەشەی کرد ، لەلایەکەوە وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاری ، تەنانەت وەک پرۆژەیەکی ئاکادێمیش لە لایەن فەیلەسوفی وەکوو کارڵ مارکس و فرێدریک ئێنگڵس چاوی لێدەکرا. خەریک بوو لە لایەن جان ستوارت میل — وە لە سەربنەمای نەریتێکی کۆنتر لەو سوسیالیزمە مۆدێڕنەی کە لەبەر دەستان بوو، گەشەی پێبدرێ و نێوی لیبرالیزمی چینایەتی لێ بنرێ.
بەرهەمی جان ڕاوڵز بە نێوی " تێۆرییەک بۆ عەداڵەت" لە ساڵێ 1971دا وادەنوێنێ کە توانیبێتی وەنەوزی ئەو فەلسەفە سیاسییە کە بۆ نەریتێکی بەرژەوەندخوازانەی توێژینەوە کەلکی لێوەردەگیرا، بڕەوێنێتەوە . دەو کتێبەدا ڕاوڵز حەولیداوە کە لە چاوکراوەیی و تێگەیشتوویی ئێمە لە مەڕ چەمکی عەداڵەت کەلک وەربگرێ، چەند ساڵ دواتر ڕەخنە و کاردانەوە لە تێئۆری ڕاوڵزلە لایەن بۆ وێنە "ڕۆبێرت نوزیک "وە سەریهەڵدا، و دە کتێبی خۆیدا بە نێوی "ئانارشیزم ،دەوڵەت و خەیاڵ " ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵتری لە سەر کۆمەڵگا وەک ئیلهام لەو نێوەدا، لەتێئۆری مافی سروشتی "جان لاک"ی هێنایە گۆڕێ . تەنانەت لەساڵەکانی 1980 دا لە لایەن "جراڵد کاوێن "توێژینەوە لە سەر مارکسیسزم یش گەشەی پێدرا.

## نەریتەکلاسیکەکان

لیبرالیزم :پێناسەی لیبرالیزمی کلاسیک پێداگری لە سەر ئازادی و ماف بۆ تاک وەک ئەندامانی پێکهێنەری کۆمەلگا دەکا . بە تایبەت پاراستنی مافی تاک لە لایەن کۆمەڵگاوە و هەستی بەرپرسیارەتی تاک لە ڕاست کۆمەلگا وەک ئەرکی سەر شانی هەمووتاکەکان دێنێتە بەرباس . بە واتایەکی دیکە "تاک لە کۆمەلگادا چەندە خاوەن مافە، ئەوەندەش خاوەن ئەرکە" . ئەو بەرابەرییەی ماف و ئەرکی تاک، بۆ وێنە ئاوا لێکدەدرێتەوە، کە تاک هەمووی لە ڕاست قانوون وەک یەکن . ئەوەش ئەغڵەب دەگەڕێتەوە سەر ڕوانینی سیاسی لیبرالانە ، هەر وەها بیر و باوەڕی لە سەر چۆنیەتی ئابووری ، بازار(ئابووری ئازاد ) ە و بە دوای ویشدا مافی لە سەروبوونی خاوەنداریەتی شەخسی (مالیکییەتی خسووسی ) لە سیستیمەکانی دیکەی ئابووریدا . بەهێزی ئەو بنەما بۆچوونەی لیبرالیزم، دەگەڕێتەوە سەردەمی چاخی ڕووناکبیری .
فەیلەسوفی بە ناو بانگی سەدەی 16 "جان لاک" بە دامەزرێنەری ئیدۆئۆلۆژی لیبرالیزم ناسراوە . لیبرالیزمی سەردەمی "لاک" دژایەتێکی زۆری دە گەڵ دەستەڵاتدارانی ئەو سیستیمە بەڕیوەبەرایەتییەی کۆمەڵگای دەکرد کە پێیان وابوو خودا مافی بەڕیوەبەرایەتی کار وباری ئابووری و مەزهەبی ئۆرتۆدۆکسی بەوان ئەسپاردووە . کۆڵەکەی قایمی لیبرالیزم دە گەشەی هومانیزم وپێداگری لە سەر مافی ئازادی تاک و گرتنی هەڵوێستی سەربەخۆیانە دایە.
بە بایخترین بیرمەندی لیبرالیزم دە سەدەی 18 دا فیلسۆفی بە ناوبانگ "جان ستوارت میلل " ە کە بەرهەمی سەرەکی ئەو بە نێوی " لەمەڕ ئازادی " ناسراوە . ئەو بە دوای دۆزینەوەی پاساوێکی یەکسانیخوازی بۆ لیبرالیزمێکی عادڵانەوە بوو وهەربۆیەشە ئەو بە باوکی "سوسیال لیبرالیزم" دەناسرێ.
فەلسەفەیەکی مۆدێڕنی سیاسی کە درێژەی پاشماوەی سوسیال لیبرالیزمی کۆن بوو،لە لایەن "جان ڕاولز"دە ساڵی(1921_2002) نوێژەن کرایەوە . ئەو بنەمای جێوازییە ناسراوەکان، دەبەرهەمی سەرەکی خۆیدا بە نێوی "لە مەڕ عەداڵەت" لە ساڵی 1971 دا گەڵاڵە دەکا . بنەماکە بە کورتی ئەوەیە، نابەرابەری دە کۆمەڵگادا ڕووداوێکە کەجێی چاوەڕوانییە وشتێکی سەیریش نییە، بەڵام دەبێ ڕەوتەکە بە بوارێکدا بەرەو پێش بڕوا کە بەرژەوەندی ئەوانەی لێبکەوێتەوە، کە دەستکورت و هەژارانی کۆمەلگاکەن. .ڕاوێڵز هەروەها پێیوابوو ،کە تەنانەت هەر تاکێک دە کۆمەڵگادا دەبێ کە خاوەن هێندێک مافی سەلماو بێ. ئەو دوو بنەمایانە ، واتە بنەماجیاوازییە ناسراوەکان و مافەکان ، لەڕوانگەی ڕاوێلزەوە، نوێنەرایەتی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەک کۆمەڵگا دەکەن. یەکێک لەو بەڵگانەی کە ڕاوێلز بۆ دیفاع لە تێئۆری خۆی دەیهێناوە ،پاساوی"ڕواڵەتی دەستەوەستانی " واتە نەتوانین بوو . ڕاوێڵز دەیەوێ بڵێی کە فکرلەهەلومەرجێکی وەها تایبەت بکەنەوە، کە لەوهەلە دا، مرۆڤەکان خۆیان لە پشت تەمێک دا دەبیننەوە، کە کەسایەتی بنەڕەتی کۆمەڵگا و تایبەتمەندی ئینسانەکانی تێدا

شاراوەیە . بە باوەڕی ڕاوڵز ،ئەوەیکە زۆرجێی چاوەڕوانییە لە مرۆڤەکان لە ئەوتۆ هەلێکدا، بۆ وەیکە کۆمەڵگایەک بە پێی ویستی خۆیان دابین بکەن ،هەر خۆیانن، چونکوو هیچ مرۆڤێکی بەلاوە و لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایە ئامادە نییە، خۆی دە مەترسی باوێ بۆ هەلومەرجێک، کە تێیدا مافەکان بە نابەرابەرترین شێوە دابەشکراون .بە پێی گوتەی ڕاوڵز ئەوان کۆمەڵگایەک پێکدێنن کە هەڵگری ئەژمارێک پرنسیپن کە بریتین لە:

1- هەموو مرۆڤێک دەبێ مافی بوونی، بە هێزترین بنەمای ئازادییە بنەڕەتییەکان ،کە دەگەڵ ئەو ئازادییانەی کە گشتین و یەکدەگرنەوە ،بێ.

2- نابەرابەری کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێ بە شێوەیەک چارەسەربکرێن، کە بەرژەوەندی و ڕزگاری مرۆڤی لێقەوماو ،دەستکورت و بەشمەینەتی لێبکەوێتەوە.

3- دەرگای هەموو کار و هەلومەرجێک، دەبێ کراوە بێ ڕوو بە هەموو ئەو مرۆڤانە ،کە بە دوای کاردا دەگەڕێن وئیزنی هەڵاواردن دە نێوانیاندا نابێ بە کەس بدرێ.

ئەو ئازادییانەی کە پرنسیپە سەرتاییەکان لێیدەدوێن، بۆ نموونە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئیتحادییەکان ،ئازادی هەڵبژاردنی کار و شتگەلی لە گوێن ئەوان .هەووەڵین پرنسیپ، نەبوونی هیچ باسێک بۆنموونە لە مەڕ ماڵیاتە . گرژی وئاستەنگ لە نێوان پرنسیپەکاندا کە یەکیان لە یەکیان گرینگترن، ئەگەر پەیوەندی نێوانیان سەرەڕای ئەوەش ئاوا نەبێ کە خەڵک بتوانن کەلک لەو ئازادییانە وەربگرن کە هەووەڵین پرنسیپ باسی دەکا .(ئەگەر بکرێ بۆنموونە ئاماژە بەوڵاتانی یەکجار هەژار بکەین.

## مێژوو

سوسیال لیبرالیزم بەشێکی، ڕیشەی لە ڕاپۆرتێکدا، کە لە لایەن لێژنەی دەرباری شای ئینگلستان لە ساڵی 1842دا هاتووە . دەو ڕاپۆرتەدا لە هێزی کرێکارانێک دەدوێ کە ژنی دووگیان و منداڵی کەم تەمەن دە نێویاندا هەیە و بە پێی ئەوڕاپۆرتە لە تاو هەڵاتەوە تا تاوپەڕان (بەیانی تا ئێوارێ ) ئەوانە کاریان کردووە، بە بێ هیچ ئەمنییەتێکی ماڵی و گیانی .ئەو ڕاپۆرتە تەواوی کۆمەڵگای ئینگلستانی هەژاندووە و لیبرالەکان مەرجیان بۆ دەوڵەت داناوە کە دەبێ بە تەواوی توانایی خۆیەوە بۆ نەهێشتن و بنبڕ کردنی برسێتی و هەژاری دەنێو کریکاراندا حەول بدا . بێجگە لەوەش، دەبوو بۆ لابردنی ئینحسار( پاوان ) و چەوساندنەوەی کرێکارانیش ،دەوڵەت چارەیەک بدۆزێتەوە و جەختیشان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پێش هەلومەرجی ئابوورییەوەیە . ئەو ئیدئۆلۆژییە، ئاسەواری فەیلەسوفێکی وەک بۆ نموونە (جان ستوارت میل) ی پێوە دیاربوو، کە نوێنەرایەتی لایەنگرانی پاراستنی بنەماکانی ئازادی تاک و ڕەسەنگرایی دەکرد. لە نووسراوەی(لەمەڕ ئازادی ) دا، ئاماژە بە دابینکردنی ئازادی ڕادەربڕین و بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ئەوکردەوانە دەکا، کە ئاکامیان ئازار وکوێرەوەری خەڵکی دیکەی لێدەکەوێتەوە.سوسیال لیبرالیستەکان کۆن یش زۆر لە سەر بازنەی ئابووری پێداگرییان دەکرد، یەکێکی وەک( جان ماینارد کەینیز )کە نوێنەرایەتی بە هێزی ئەو بەشەی دەکرد ،کەلایەنگری تێوەگلانی دەستەڵاتدارانی دەوڵەتی دە بەڕیوەبەرایەتی کار وباری ئابووریدا بوون، کە بە پێچەوانەی ئەوە بوو، کە لیبرالە کلاسیکەکان نوێنەرایەتی تێزە ئابوورییەکەیان دەکرد .بەدوای ساڵەکانی 70دا ئەو تێئۆرییەی ئابووری،کەمتر لایەنگری بوو کە ئاکامیشی بوو بە دابەزینی ڕێژەی لایەنگرانی سوسیال لیبرالیزم لە وڵاتانی دیکەدا .بەرچاوترین تێئۆریسیەنی سوسیال لیبرالیزم لە سۆئێد(بەرتیل ئۆلین)بوو، کە نوێنەرایەتی ئابووری ئازاد- وێڕای بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی دەکرد.( سیاسەتێک کە داواکاری تێوەگلانێکی کەمتری دەوڵەتە،لەکار وباری ئابووریدا.

(لیبراڵیزمی نوێ وەک هێزێکی لە مێژینە ئەغڵەب بە لیبرالیزمی کلاسیک نێوی دەرکردووەو، لە لایەن زۆر کەسانەوە( جان لاک ) فەیلەسوفی بە ناوبانگی سەدەی 16بە داڕێژەری بناخەی ئەولیبڕالیزمە کلاسیکە دەزاندرێ.دە لێکۆڵینەوەی دووهەمی خۆیدا ساڵی 1690بە نێوی (چۆنیەتی بەڕیوەبەرایەتی)، تێئۆری مافی سروشتی دەناسێنێ و دوو تێۆرییە دا، باسی ئەوە دەکا, کە هەر مرۆڤێک خاوەن مافی ژیان ،ئازادی و خاوەندارییەتی یە.بۆپاراستنی ئەو مافانەی کە تاکەکان دەگرنەوە ،کۆمەڵگا،بە پێی یەک (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) ،پێویستە دەوڵەتێک پێکبێنێ .جان لاک پێیوابوو، کەمافی تاکەکان بە شێوەی دابەشکردنی دەستەڵات لە نێوان پارلمان و دەوڵەت دا دەپارێزرێن .( چارلز دی مۆنتێسکیوو) سێهەمین بۆچوونی لەو چەمکە زیاد کرد ، کە ئەویش، پێکهێنانی(دادگای قانوونی بنەڕەتی) بوو . ساڵی 1776( ئادام سمیت) یش نووسراوەیەکی خۆی بڵاوکردەوە بە نێوی ( تێر وتەسەلی نەتەوەکان) . دەو نووسراوەیە دا، باسی هێزێکی ئەرێنی (موسبەت ) دەئابووریدا، وەک بۆچوونی خۆی دێنێتە گۆڕێ و بە (دەستی نادیار )ی دەناسێنێ و دەڵێ :ئەو دەستە دە بەرژەوەندی کۆمەڵگادا، دە دوایین دەرفەتەکاندا هەلێک دەڕەخسێنێ، کە

تەنانەت، هیچکام لە پسپۆڕانی هەڵسوڕێنەری بازاڕیش ،زانایانەش نەیانتوانیبێ کە ئەو نەخشە بگێڕن .دە سەدەی 17دا لیبرالەکان بیرۆکەی( زانیاری) یان هێنایە گۆڕێ و داخوازی دوایی پێهێنان، بە نەریتی کۆمەڵگای سەرەتی (ئیمتیازی )بوون . داخوازی کۆمەڵگایەک بوون کە تێیدا هەموو تاکێک وەک یەک چاو لێبکرێن ومافەکان بە پێی یاسای مافی سروشتی کە بۆ هەر تاکێک لە بەرچاوگیراوە دابین بکرێ . لە فەڕانسە هەلومەرجەکە هەڵچوونی کۆمەڵگای پێوە دیارە و شۆڕشی فەرانسەی ساڵی 1789،بە دروشمی ئازادی ،یەکسانی ، برایەتی لێدەکەوێتەوە .دەو شۆڕشەی فەڕانسە دا کێبڕکێی دە نێوان حیزبە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەدا . ئەوانەی کە نوێنەرایەتی بەشی هەرە لیبڕاڵە ڕادیکاڵەکانیان دەکرد، یاکووبییەکان بوون .تەنانەت ئەگەر ڕێبەرایەتی یاکووبییەکان کاریان بکەوێتە خوێنڕشتنیش دیسان یاکووبیزم دەبتە هێزێکی گرینگ نەک هەر لە فەڕانسە، بەڵکوو لە زۆر دوای ئەویش ولە زۆرشوێنی دیکەی ئوروپاشدا . یاکووبیزم، لێکدانەوەیەکی ڕادیکاڵانە و نیشتیمانپەروەرانەی لە لیبڕالیزم دە شۆڕشی فەڕانسەدا وەک کەلەپوورێکی لیبڕالی لە پشتە .لە دەستپێکی سەدەی 18دا، لیبرالیزم دەبتە شتێکی جێی مەترسی بۆ ئەو دەستەڵاتە ئیستیبدادییەکانی داسەپاو لە ئوروپا . زۆر جاران لە زۆر جێیان کوانووی شۆڕش دادەگیرسێ ،لەوانە،ساڵی 1830 لە فەڕانسە . تەنانەت دەستڕۆیوەکانی زۆر بە هێز، پێشەنگی ئەو سەربزێوییانەیان وەستۆ بوو و چینی دەستتەنگ و هەژاریشیان کەوتبووە دوای . لە ئینگلستان ساڵی 1820 لیبڕالیزمی کلاسیک لە لایەن خاوەن کارخانەکان و ڕێبەرانی کرێکاران پەرەی پێدرا . بێجگە لە داخوازی سوننەتی لیبڕالییەکان ،عەدالەتی کۆمەڵایەتییش بوو بە داخوازی سەرەکی ."چارتیزم" ،بزاوێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی دابینکردنی عەداڵەت لە کۆمەڵگای ئینگلستان لە ساڵی 1800دا. بە دروشمی لیبڕالییەوە یەکێک لە بزاوە هەرە بەرچاوەکانی ئینگلستان بوو . شۆڕشی ساڵی 1848بەرچاوترین بزاو و تەنانەت سەرهەڵدانی لیبڕاڵەکلاسیکەکان بوو ،کەداخوازییەکانیان بوو بە بەشێک لە پلاتفۆرمێکی سیاسی شۆڕشگێڕان . دوای ڕووداوەکانی ساڵی 1848، هێزێکی نوێ هاتە گۆڕێ، واتە شۆڕشگێڕانی سوسیالیست کە دەبنە میراتگری کەلەپووری شۆڕش .لیبرالیزمی کۆمەڵە بچووکەکانی خەڵکی ،پاشماوەی شێوەڕادیکاڵی شۆڕشی فەڕانسەیە کە لە دەستپێکی سەدەی 18 دا پێشنیارێک بوو وەک ئاڵترناتیوێکی سیاسی . ئازادی بیر وباوەڕی لیبڕالی ئاوێتەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کرا بۆ خەڵکی دەستتەنگ و چینی کرێکار . بەرچاوترینیان لە ئینگلستان و فەڕانسەبوو . لیبڕالیزمی کلاسیک، لە نێو ئەوانەی کۆماریخواز دا، زیاتر ڕوو لە گەشەکردن بوو ، ئەوە دەبتە بەشێک لە بناخەی ئیدۆئۆلۆژییەکی ڕوو بەگەشە واتە سوسیالیزم، بەڵام دەتوانرێ ئەوە دە ڕەوتی ڕوو بەگەشەی سوسیال لیبرالیزم یشدا سەیر بکرێ.لیبڕالیزمی نوێ، ڕیشەی بایخەکانی دە لیبڕالیزمی کلاسیک دایە .جان لاک ئەو فەیلسوفە ئینگلیسییەی سەدەی 16 تێئۆری مافی سروشتیی بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی تاڕادەیەک وەپشت گوێخست . لاک پێیوابوو، کە هەر تاکێک بەتایبەتمەندی وەک مرۆڤ خودا مافی ژیان ، ئازادی و خاوەندارییەتی داوەتێ . لیبڕالیزمی نوێی مۆدێڕن "سروشت" ی لە جێگای "خودا" داناوە، لەوەیکە مرۆڤ بە پێی سروشت لەشی خۆی ئیدارە دەکا و خاوەن خواستی ئازادە لە مەڕ لەش وگیان وژیانی خۆی . بەپێی ناوەرۆکی ئەو خۆخێوییە، مرۆڤ پاشان بەڕیوەبەرایەتی مافی خاوەندارییەتی دەبێتێ . مەبەستیش لەبایخی شتەکە دەپەیوەندی دەگەڵ مرۆڤی زانا و چاوکراوە دایە ، و بایەخەکە دەمێنێتەوە سەر ئەو کەسە کە لە ڕێگای کاری خۆیەوە پێکیدێنێ ، بۆ نموونە داچاندنی پەڵە زەوییەک . شتێکی لە گوێن ئەوەش دەوڵەت هیچ پەیوەندییەکی بە سەر بەرهەمی هیچکەسەوە نییە یان کەسێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو جەغزەش بتوانێ داوای بەرهەمی دەستڕەنجی کەسێکی دیکە بکا . مەبەست لێرە لە مافی خاوەندارییەتی، ئەوە دەسەلمێنێ کە دەوڵەت بە بێ لەبەرچاوگرتنی وەیکە لەلایەن زۆرایەتی خەڵک یان تاکێکی دیکتاتۆر بەڕیوەدەچێ ،مافی تێوەگلانی لە ژیانی خسووسی هیچ تاکێک دا نییە، مادام ئەو تاکە خۆی بەدڵخواز و و بە زانیارییەوە لەئاکامی ئەو کارە، ئیزنی دابێتە دەوڵەت .سنووری ئەوەیکە مرۆڤ تا کوێ مافی هەیە و دەبێ چبکا ئەو هێڵەیە، کە پێشێلکردنی مافی ژیان ،ئازادی وخاوەندارییەتی خەڵکی دیکەی لێنەکەوێتەوە . ئەوە بەو مانایەیە کە دزی ، قەتڵ، دەستدرێژی یان شتی لە گوێن ئەوانە دەبێ قەدەغە بکرێن و بە دژە یاسا دابنرێن.هاوکات کردەوەگەلی وەک موادی موخەددەر ، چەک و خۆفرۆشی دەبێ بە قانوونی و لەژێر چاوەدێری قانووندا بکرێن . لیبرالیزمی نوێ هێڵێکی باریک وتیژ لەپێکهاتنێکی دلخوازانە و نادڵخوازانە لە نێوان مرۆڤەکان دا دەکێشێ و ئەو سنوورکێشانەش سەرچاوەی ڕوانگەی لیبڕالیزمی نوێیە بۆ دانانی قانوون . لایەنگرانی ئەو لیبڕالیزمە، کە لەسەر بنەمای مافەکان دامەزراوە پێیانوایە، کە ئازادی شەخسی و ئابووری بازاڕی ئازاد، مافێکی ئەخلاقین، چونکوو تاک مافی خاوەندارییەتی بە سەر خۆی و بە سەرکاری خۆیدا هەیە . ئەوان پێیانوایە کە پێکهاتنێکی دڵخوازانەی نێوان تاکەکان بۆ نموونە ئەو بڕە ماڵیاتە ناتوانێ بسەلمێنێ کە بە پێچەوانەی ویستی ئەوان لێیان دەستێندرێ ، لە بەر وەی دەوڵەت ناتوانێ خاوەن

مافێکی زیاتر لەوە بێ ،کە تاکەکان دڵخوازانە داویانە بە دەوڵەت .هەر بۆیەشە دەوڵەت دەبێ ڕێز لەو گرێبەست و بەڵێننامانە بگرێ کە دە نێوان تاکەکان هەن . مافەکان لە لاوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێکدەدرێنەوە. (ڕۆبێرت نوزیک ) و زۆریەک لە لیبراڵە نوێیەکان قەت نەیانگوتووە کە مافەکانی تاک فاکت گەلێکی حەقیقین ، بە پێچەوانەوە، مەبەستیان ئەوە بووە کە، تاکەکان دەبێ دەگەڵ ئەو مافانەش وەها هەڵسوکەوت بکەن کە دەگەڵ مافەکانی سروشتی دەیکەن.هەن نوێنەرانی لیبرالیزمی کلاسیک و لیبرالیزمی نوێ یش ،کە پرنسیپ و تیئۆری مافەکان بە سەرچاوە ناگرن ،و (لودویگ ون میسز ، میلتۆن فرێدمان ، فرێدریک ونهایک )لە ڕیزی ئەوانەدان .بە پێچەوانەوە ، ئەوان لەبۆچوونی (ئووتیلیتاریزم)واتە،"بەرژەوەندگرایی بۆ گشت"، وەک سەرچاوە کەلکی لێوەر دەگرن کە ئاکامی، دابین کردنی ئازادانەی قانوونە ،کە خۆی، کۆمەڵگایەکی باشتری لێدەکەوێتەوە.ئەوەش زۆر هاسائی یە دەنێوان بازنەیەکی ئابووریدا.لە نێو فەلسەفەکانیسیاسی دا، کتێبی (ئانارشیزم ،دەوڵەت ، خەیاڵ ) بەرهەمی فەیلەسوف ڕۆبێرت نوزیک لەساڵی 1974دا ،کتێبێک بووە لە هەرە کتێبە بە نێوبانگەکان . دەو کتێبەدا ڕۆبێڕت نوزیک، بەوەیکە، هەر تاکێک مافی ژیان ،ئازادی ، خاوەندارییەتی هەیە دەست پێدەکا و ئەو مافانەش لەژێر هیچ نێو وناتورەیەک و بیانوویەک بۆ پێشێلکردن نابن .بۆ وەیکە دەستەڵاتدارێکی دەوڵەتی یان هەر کەسێکی دیکە نەتوانی ئەو مافانەی تاکەکان پێشێل بکا، ئەرکی دەوڵەتە کە ئەو مافانە لە ڕاست توند وتیژی ،دزی، دەستبڕی ، یان هەر پێشێلکارییەک لە مەڕ گرێبەست یان شتێک لەگوێن ئەوانە دا بپارێزێ .نوزیک ئەوەش کە پێیدەڵێن دابەشکردنێکی (کلیشەیی لەپێش دیاریکراو) واتە ئەو شێوە دابەشکردنە کە بە پێی هێندێک ڕەوت وچوارچێوەی دیاریکراوپارێزگاری لێدەکرێ ، ڕەتدەکاتەوە . نوزیک دژایەتی دەگەڵ ئەو شێوە تێئۆرییەی عەداڵەت دەکا، چون بە پێی وەیکە ئیمکاناتەکە هی کەس نییە لەوە بەولاوە ناکرێ دابەشبکرێن. خۆخێوی تاکەکان و مافی خاوەندارییەتی وادەکەن کە چۆنیەتی کەل و پەلەکان گرینگ بن ،چونکوو هەموو ئەوانە دە پەیوەندی دەگەڵ مرۆڤەکاندان و خاوەندارییەتیشیان مافی تاکەکانە . هەموو گواستنەوە و دەستاودەستکردنێک کە لە سەربنەمایەکی دڵخوازانە بن بە پێی بۆچوونی "نوزیک "عادڵانەیە و دەگەڵ ئازادی تاک یەکدەگرنەوە .دە ناوەندی بەشی (دابەشکردنی عادڵانە )دا سێ بۆچوون لەو پەیوەندییەدا پێشنیاردەکا .ئەوە بەو مانایەیە کە خۆی دەخۆیدا دابەشکردن عادڵانەیە ئەگەر شەرت و شرووتی ڕەوای کڕین و فرۆشی سەرەتایی شتەکە بناسێندرێ " 1- هەر کەسێک دەتوانێ مافی خاوەندارییەتی ڕەوای بە سەرشتێک کە پێشوو هی ئەو نەبووە ببێ بە مەرجێک، نەبتە ئاستەنگ و ئالۆزی هەلومەرجی کەسێکی دیکە وهۆی دەستاودەستی بەڕەوای شتەکە" 2- "کەسێک دەتوانێ مافی ڕەوای خاوەندارییەتی شتێکی ببێ، کە کەسێکی دیکە خاوەنی بەرحەقی ئەو شتەیە، بەڵام بە ویستی دڵی خۆی داوێتی بەو کەسە کە جێی باسە " 3- 'ئەگەر هەلومەرجەکە ئاوا نەڕەخسێندرێ و کڕین وفرۆش عادڵانە نەبێ، دەبێ هەلێک بۆقەرە بووکردنەوەی بڕەخسێندرێ ". ئەو سێ پرنسیپانە واتە( پرنسیپی ڕەوای کڕین وفرۆشی سەرەتایی ،پرنسیپی ڕەوای دەستاودەستکردنی بەرهەمەکان ، پرنسیپی قەرەبووکردنەوە معاملەی ناعادڵانە )،کە لەتێئۆری نوزیکن، دەبتە ڕەوتێک بۆ دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانە. (ئانارڕشیزم ،دەوڵەت وخەیاڵ )ێکی دیکەش وەک فەلسەفەیەکی سیاسی لە لایەن "ئاین ڕاند" کە زیاترهەڵگری فەلسەفەی لیبرڕالیستەنوێیەکان بوو بڵاو دەبێتەوە.سەرەڕای وێکچوویی ڕوانگەکان دە پرنسیپ دا ،لەسەرئەو حاڵەش "ڕاند" خۆی لیبرڕالیزمی نوێی هەربە "لیبرتاریانیزم" واتە خۆبەڕێوەبەرایەتی بە بێ بوونی دەوڵەت ،دادەنا و لەلایەکیش دەولەتی بە هەووەڵین دوژمن دەزانی.

ڕوانگەکانی سیاسی

لیبرڕالیزم، تاک وەک هێزێکی هەڵسوڕێنەری کۆمەڵگا ودەوڵەتیش بە هێزێکی کە هەر لە دووی تۆبز وزەختە وزۆرە دەڕوانێ . ئامانجی لیبرڕالیزمی نوێ دامەزراندنی بچووکترین دەوڵەتە کە نێویشی ناوە "دارۆغە"ی شەو کە دەبێ ئەرکی لە دەستەڵاتدا، بە پۆلیس ،دادگاکان ، و دیفاع بەرتەسک بکرێتەوە . بە پێچەوانەی "ئانارکۆکاپیتالیستەکان"ئانارڕشیستەکانی سەرمایەدار، نوێ لیبرڕالیستەکان، کە پێیانوایە،خاوەنی ئەوپێکهاتانەش هەر خۆی دەوڵەت بێ باشە ،تاکوو بتوانن مافی ژیان ،ئازادی ،خاوەندارییەتی بپارێزن و دەوڵەتیش بۆی نییە کە ئەو مافانە لە ڕێگای وەرگرتنی ماڵیاتەوە پێشێل بکا و بە دابینکردنی قانوون یان دادگایەکی چاوەدێر بە سەرقانووندا ئەوە تەزمین بکا کە ئەو ماڵیاتە وەرگیراوانە خەرجی پۆلیس ودادگاکان یان دیفاع ناکرێن بەو شێوەیە دارایی دەوڵەت دەبێ بە ڕوونی بەرتەسک بکرێتەوە .چونکوو بە پێی بۆچوونی بنەمایی لیبرڕالیزمی نوێ وەرگرتنی ماڵیات بەپێشێلکاری مافی خاوەندارییەتی و بە دەستبڕی دەزاندرێ و ئەو پرسیارەش جێی دمەتەقەی بەردەوام دەنێوان

لیبرالیزمی نوێدا بووە کە دەوڵەت لە چ ڕێگایەکەوە ئابووری خۆی دەبێ دابین بکا .هێندێکیان دەڵێن لە ڕێگای وەگەڕخستنی سەرمایەی خسووسی دابین بکرێ ، هێندێکیشیان دەڵێن کە تاوانباران دەبێ لە ڕێگای قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەسارەت و زیانانەوە بێ ،کە تاوانباران دەبنە هۆی لە کۆمەڵگا ،هاوکات هەن هێندێکی دیکەش کە دەڵێن کە وەرگرتنی ماڵیات بۆ لێخۆشبوون و چاو لێ نووقاندن نابێ .